# خوێندنەوەیەک بۆ هەڵوێستی شەرمنانەی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان

بورهان أ. یاسین

١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

## سەرەتا

لە سەرەتادا پێویستە بڵێم کە ئاساییە ئیمڕۆ هەموو کوردستانیان ناخیان دەهەژێ بەرامبەر ئەوەی لە رۆژئاڤا روو دەدات. هەمووان سەرسامن بەو ڕادەیە لە خۆڕاگری خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان، زۆر بە تایبەتی شەڕڤانان.

لە لایەکی دیکەوە، ئێمەی کورد چەندە نیگەران و دڵتەنگیش بین، پێویستە بە رادەیەکی باشیش لە گۆشەیەکی دیکەی خۆشبینی و گەشبینییەوە لە ڕووداوەکانی رۆژئاوا نزیک ببینەوە.

جگە لەوەش، وەک هەر روداوێکی گرنگ و مێژویی دیکە، پێویستە ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆژئاڤا ڕوودەدات ببێتە هۆی خوێندنەوەیەکی وردتر و پێداچوونەوەیەکی گشتگیری دیکە، نەک تەنها بە روانگە سیاسیەکانی خودی رۆژئاوا، بەڵکو بە شێوازی نزیکبونەوەی بەشەکانی تری کوردستان لەو ڕووداوانە و کۆی ئەو زهنیەتەی کە ساڵانێکی زۆرە

سەرچاوەی کوردایەتییێک بووە کە راستییەکەی مێژووی ئەم کوردایەتییە (یا راستتر بڵێین ئەم کوردایەتییە کلاسیکییە) بە کۆمەڵێک شکستەوە دەناسرێتەوە نەک بە کۆمەڵێک سەرکەوتنەوە رازابێتەوە.

## خوێندنەوە

لەم سەرەتایەوە، دەخوازم بەڕێز و ستایشی زۆرەوە بۆ بەرخوەدانی خوشک و برایانمان لە رۆژئاڤا، زۆر بە کورتی چەند خاڵێک تۆمار بکەم:

١) ئەوەی کە کوردانی رۆژئاوا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا توانیویانە بیکەن نەک هەر کورد لەو بەشە "بچکۆلانەیەی" کوردستان واتە رۆژئاوای کوردستان، بەڵکو تەواوی کوردستانی گەورەی بە شێوەیەک خستە سەر نەخشەی جیهان، کە پێویستە جێگای شانازی هەموو کوردێک بێت، جا ئەو تاکی کوردە لە هەر بەشێکی کوردستان یا هەر کونجێکی ئەم دونیایە بێت. بەرخوەدان لە کۆبانی، شەڕی دژی دڕەندەترین رێکخراوی تیرۆریست، بەرگری لە عەفرین و ئێستا وەستانەوە بەرامبەر بە لەشکری تورکیا، کە دووەم گەورەترین لەشکری ناتۆیە: لەشکرێک کە بە پێی رێساکانی ناتۆ دەبێ بەرگریکاری دیمۆکراسی بێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم لەشکرە هەر لە رۆژی دروستبوونییەوە هەڵگری تێزێکی راسیستییە بەرامبەر بە کورد، کە هەندێکیش لە بنەما فیکری و پراکتیکییەکانی **رژێمی ئەپارتایدی باشووری ئەفریقیای** تێپەڕکردووە. ئەم مێژووی پەیڕەوی راسیسمە لە کۆمەڵکوژییەکانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٧ی دەرسیم و ... هتد دەست پێدەکات. رێک هەر ئەم مێژوو و تێگەیشتنەش بوو وای لە سەرکردەی مەزنی باشوری ئەفریقیا نیلسۆن مەندێلا کرد، لە سەرەتای ١٩٩٠کانی سەدەی رابردوودا، کە لەوە بسڵەمێتەوە بچێ بۆ تورکیا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "ئەتاتۆرک" وە ماندێلا هەر ئەو کاتە هۆی سڵەمینەوە لەو سەفەرە و لە وەرگرتنی ئەو خەڵاتەی بەم رستەیە پڕ مانایە دەربڕی:

یەک ڕۆژ بەسە کورد بیت لە تورکیا بۆ ئەوەی لە ماناکانی چەوسانەوە تێبگەیت.

٢) ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕۆژانی دوایی ڕۆژئاڤای کوردستان دوو شێوە شەرمنی (تەنانەت شەرمەزای) و پڕ چەوتی و هەڵەی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان پشتڕاست دەکاتەوە، کە یەکێکیان دەکرێ لە ڕۆشنایی ڕاگەیەندراوەکانی هەر سێ بارزانییەکەوە (دەربارەی ڕۆژئاڤا) تێبگەین و ئەوی دیکەشیان ئەو سیاسەتەی کە لە ڕابردوودا پیادەیان کردووە. ئەم دوو ڕەهەندی شەرمەزاری و پڕ لە چەوتییەی ئەم دەسەڵاتدارانە لەم دوو خاڵەدا کورت دەکەمەوە: أ- ئەوەی پەیوەندی بە هەنووکە و ڕاگەیەندراوەکانەوە هەیە، پێویستە جارێ ئەوە بڵێین کە لە هەرسێ ڕاگەیندراوەکەی مەسعود، مەسرور وە نێچیرڤان بارزانیدا، لە دور و نزیک، ناوی **بکەری دەستدرێژیکار** (تورکیا) نەهاتووە و لە کۆشیاندا ڕاگەیەندراوی شەرمنانەو و نانیشتمانی و نانەتەوەیین. جگە لەمەش دەکرێ لە خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوی هەرە دوایی مەسعود بارزانی ئەوەندەش دوور بڕۆین و ئەوە بخوێنینەوە کە دەکرێ ئەوەی لە ڕۆژئاڤا ڕوودەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵەی کورد خۆشی تیا بێت، کاتێک دەڵێت: "هۆکارەکانی ئەو شەڕە هەرچییەک بووبن و هەر لایەنێک کەمتەرخەم بووبێت یان دەستی لەم دۆخە ترسناکە هەبووبێت." جگە لەوەش مەسعود بارزانی ئاوا گوزارەش لە ڕووداوەکان دەکات وەک ئەوەی ئەو سەرکردەیەکی غەیرە کورد بێت و تەنها سۆزی بۆ خەڵکی سیڤیل دەجوڵێ و گەورەیی و هێژایی ئەو ئەزموونە لەبەر چاو ناگرێ کە تەواوی کوردستانی مەزنی لە سەرەتایی سەدەی بیست و یەکەمدا بە جوانترین وە شایستەترین شێواز **خستە سەر نەخشەی جیهان**. . . مەسعود بارزانی قەوارە و جددییەتی ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی زۆر

بچووک دەکاتەوە، وەکو ئەوەی هەستی کەسێکی غەیرە کوردی دەربڕیبێ و دەڵێ "چیتر خەڵکی بێ تاوان باجی ئەو دۆخە مەترسیدارە نەدەن."[1]

گەمارۆکانی سەر رۆژئاڤا، لە دیوی باشووری کوردستانەوە، لە ساڵانی دواییدا و گەمارۆکانی ئێستای سەر کەمپی مەخمور بە سەد و هەشتا پلە دژە بە هەموو هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستی، نیشتمانی و نەتەوەییە.

ب- تێگەیشتن لەم هەڵوێستە شەرمنانە پێ لە زۆر شت هەڵدەگرێ کە دەکرێ گرنگترینیان ئەوەبێ کە ئێمە دەزانین کۆدی دەسەڵاتی باشووری کوردستان، بەڵام زۆر بە تایبەتیش کۆدی دەسەڵات و هەژمونی پارتی و ماڵباتی بارزانی لە هەموو رۆژێک زیاتر، **بە تایبەتی لە رێگای کۆدی نەوتەوە**، لەدەست ئەنقەرە و سوڵتانی عوسمانە نوێیەکان (رەجەب تەیب ئەردۆغان)دایە. وەختێکیش ئەم راستییە دەزانین لەوە دەگەین کە بۆ هەرسێ بەرپرسە بارزانییەکە ناوی بکەر (واتە تورکیا و ئەردۆغان) لەم کردارە دژ بە کورد و مرۆڤایەتییە ناهێنن.

٣) ئێستا دەرفەتە تێگەیشتن، بۆ هەڵوێستەکانی ئێستای دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان بەرامبەر بە رۆژئاڤا لە رۆشنایی هەنگاو و هەڵوێستە سیاسییەکانی رابردووی ئەم دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە بکەین بۆ ئەوەی دواجار ببینین کە، لە دیدێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە، ئەم هەنگاو و هەڵوێستانەی رابردوی ئەم دەسەڵاتدارانە چەندە کورتبین و پڕ هەڵە بوون. لێرەدا تەنها یەک نموونەی زیند و بەڵام زۆر گرنگ دەهێنمەوە: لە تویتێکی هەرە دوایی تارق هاشمی (جێگری پێشوتری سەرۆک کۆماری عێراق، لە راستیدا جێگری تاڵەبانی) لە ستایشی هێرشە دوژمنکارانەکەی لەشکری تورکیا بۆ سەر رۆژئاڤا دەڵێ *"ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوەڕۆک مەدەنی و رەهەندی مرۆڤدۆستی. . . نیشتەجێکردنی پەناهەندە سورییەکان*

[1] بۆ بینینی تەواوی راگەیەندراوەکەی مەسعود بارزانی بڕوانە
http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=82243&Jor=1

*لە ناوچەی ئارام لە باکوری سوریا."*[2] جارێ پێش هەر شتێک پێویستە ئەوە بڵێین کە ناوەڕۆکی ئەم پەیامە ئەوەندە روونە کە ئیتر ناکرێ هیچ ناڕوونی و گومڕاییێک لە تێگەیشتن هەڵبگرێ وە تا بڵێی پڕە لە رق و قینەی شۆڤینیستانە دژ بە کورد. تا ئێرە و بەس، بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکەکە.

بەڵام ئەوەی کە پێویستە لێرەدا بیڵێین ئەوەیە کە تارق هاشمی، بەر لە راکردنی بۆ تورکیا دۆستێکی نزیکی دەسەڵاتدارە کوردەکان (زۆر بە تایبەتی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی) بوو. چونکە ئەو پەیوەندییە دۆستایەتییە ئەوەندە بە هێز بوو تەنانەت تارق هاشمییان لە کوردستان داڵدەدا، بەر لە هەشت ساڵ، دوای ڕاکردنی لە دەستی دادوەری لە بەغدا. داڵدەدانی هاشمی لە کوردستان، بەر لە چوونی بۆ تورکیا، ئەوەندە پڕ بوو لە ریسک و سەرکێشی کە دەکرا ئەم داڵدەدانە ببێتە هۆی بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان بەغدا و هەولێردا لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کە کاتێک تاریق هاشمی لە دادگا لە بەغدا بە یارمەتیدانی تیرۆر گونهابارکرا، ئیتر داڵدەدانی ئەو بۆ بەغدا دەبێ بە هێڵی سوور. بەم واتایەش داڵدەدانی هاشمی لە هەرێمی کوردستان بووە هۆیەکی گرنگ لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدادا، زۆر پێش ئەوەی کە دۆسیەی نەوت ببێ بە هۆکاری ئەم تێکچوونە. واتە ئەو پەیوەندییانەی کە دواتر زۆر تێکچوون لە بنەمادا هۆیەکی ئەم داڵدەدانە بوو. من هەر ئەو کاتە لە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەدا لەو هەڵوێستەی تاڵەبانی و بارزانی لە وتارێکمدا کە بەر لە هەشت ساڵ، لە دیسامبەری ٢٠١١دا، بە ناوی *"دەسەڵاتی کوردی: سوڕانەوە لە بازنەی گێژاو و بێئاراستەییدا"* بڵاوبۆتەوە، لە بارەی مەترسییەکانی داڵدەدانی تارق هاشمییەوە نووسیومە ***"لە راستیدا لایەنی کوردی شەڕێک لە پێناو سەرانی سوننە لە عێراق لەگەڵ بەغدادا دەکات، کە دژ بە دەستوری عێراق و رێسا و یاساکی عێراقە."*** هەروەها نووسیومە: داڵدەدانی هاشمی ***"یاریکردنی***

---

[2] http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=100299&T=تارق%20هاشمی%20ستایشی%20له%E2%80%8Cشکرکێشیه%E2%80%8Cكه%E2%80%8Cی%20تورکیا%20ده%E2%80%8Cكات%20و%20رۆژنامه%E2%80%8Cنوسێکیش%20وه%E2%80%8Cڵامی%20ده%E2%80%8Cداته%E2%80%8Cوه%E2%80%8C

***دەسەڵاتی کوردییە بە ئەو ئاگرەی لە بەغداد دەستی پێکردووە و ئاراستەکانی تەشەنەبوون و بڵاوبوونەوەی هەر چۆنێک بڕوات ترسناکن."***[3] بە مانایەکی دیکە، وە بە زمانێکی روون، ئەو کاتە سەرکردە کوردەکان (بە تایبەتی تاڵەبانی و بارانی) بە داڵدەدانی تاریق هاشمی سەرکێشییێکیان کرد کە دەکرا بە ئاگری ئەم داڵدەدانەوە هەرێمی کوردستانیش بسوتێ! دەکرێ ئەم راگەیەندراوەی هاشمی (کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا) خوێندنەوەی زۆری بۆ بکرێ، خوێندنەوەیەک کە دواجار کۆمەڵێک گومان دەخاتە سەر عەقڵانیەتی سەرکردە کوردەکان. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵوێستەی هاشمی دەبێتە هۆی راچڵەکینی بارزانی و هاورێکانی تاڵەبانی (لە کاتێکدا تاڵەبانی خۆی لە ژیاندا نەماوە)، وە ئایا دەکرێ خۆیان بەرەورووی پرسیارێکی جددی بکەنەوە کە دواجار نەک هەر ناکارامەیی سیاسی ئەم سەرکردانە دەدەخات، بەڵکو تەنانەت دەبێتە نیشانەی پرسیارێکی زۆر جددی و راچڵەکینیش لەسەر تەواوی حیکمەی "**کوردایەتییە کلاسیکییەکەی**" ئەم سەرکردانە. من گومانم نییە لەوەی کە دەسەڵاتدارانی کوردستان، بە تایبەتی بارزانی (کە خۆی بە پێچەوانەی تاڵەبانی هێشتا لە ژیاندا ماوە) ئامادە نییە بۆ یەک چرکەش خۆی بەرەورووی ئەم جۆرە پرسیارانە بکاتەوە، پرسیارگەلێک کە دواجار دەبنە نیشانەی پرسیاری جیددی لەسەر تەواوی پێگە و رۆڵ و حیکمەی سیاسی ئەو سەرکردەیە، حیکمەیەک کە زیاتر رەنگدانەوەی سۆز و کاتیبوونە لەوەی دووربینی و ستراتیژیبوون.

٤) پێویستە ئەم هەڵوێستەی هاشمی وە هی ئیخوان موسلیمین بە گشتی ببێتە زەنگێکی هوشیارکەرەوە بۆ ئیخوانەکانی کوردستان و لایەنگرانیان. بە پێچەوانەی زۆرێک لە "عەلمانییەکانی کوردستان،" من بەش بە حاڵی خۆم گومانم نییە لە نیشتمانپەروەری زۆرێک لە هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، وە لایەنگری ئەوەم کە لە گەمەی دیمۆکراتیدا رێز لە بەشداری ئەم هێزە ئیسلامییە "کوردستانییانە" بگیرێ. لە لایەکی دیکەوە، بە تایبەتی لە بار و دۆخێکی وەک ئەمڕۆدا، کە هی راچڵەکینیی مۆڕاڵی سیاسی و

[3]بڕوانە بورهان أ. یاسین *لە قوڵاییی سیاسەتدا*، لاپەڕە ٣٤٦
*http://burhanyassin.com/Le%20qulayi%20syasetda%202016.pdf*

هۆش و ئاگاداری و هەڵوێستی هەموو لایەکە، پێویستە هێزە ئیسلامییەکان بەبێ جیاوازی، هەم دەنگێکی دلێر بن لە شەرمەزارکردنی هێرشی تورکیا وە هەمیش، تەنانەت لەوەش گرنگتر، شەرمەزارکردنی هەڵوێستی ئیخوان موسلیمین و ئەو ئیسلامیيانەی وەک ئیخوانییەکان و تارق هاشمی بیردەکەنەوە.

٥) رۆژئاقا، بە قوربانی و بەرخودانی بێ وێنەی خۆی، بوەتە هۆی کرانەوەی **دەروازەیەکی هەرە فراوان لە ئاستی نێودەوڵەتی**، ئەوەندە فراوان کە تەنانەت دەکرێ بە ئاسانی ئەم دەروازە و کرانەوەیە بە ئەو دەروازە مێژووییەوە بەراورد بکەین کە لە ئاکامی کۆچڕەوی میلیۆنی لە بەهاری ١٩٩١دا بە رووی کورددا کرایەوە. ئێرە جێگای ئەو هەڵسەنگاندنە نییە. کەچی ناشمەوێت ئەم هەڵسەنگاندنە بچووک بکەمەوە و دەکرێ بە بێ دودڵییەوە بڵێین کە هەنووکەی کورد چرکەساتێکی زێڕینە بە تایبەتی لە رەهەندی پەیوەدنییە نێودەوڵەتییەکانی دۆزی کوردا. بە مانای وشە و قوڵاییەکەی، **کاتێکی زێڕینە بۆ سیاسەتکردن** و درووینەوەی بەری نەک هەر ئەو قوربانیانەی کە رۆژئاقا داویەتی، بەڵکو دوورینەوەی بەری زۆرێکیش لەو قوربانیانەی کە کورد لە دەرەوەی رۆژئاقا و لە دەرەوەی زەمەنی هەنووکەی ئێمەدا داویەتی. . . تۆ دەتوانی زۆر بە پەلە بەراوردێک بەو هەموو بێدەنگییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رووی ئەو **کاریسەیەی** کە لە ریفراندۆمی دوو ساڵ بەر لە ئێستا کەوتەوە، کە تیایدا هەرێمی کوردستان نیوەی خاکی خۆی لەدەستدا، تەنانەت دەتوانین بە ئاسانی بڵێین کە ئەم کۆمەڵگای نێودەولەتییە بە دەنگی بەرز یا بە شێوازی بێدەنگی و بێهەڵوێستی، لایەنگری عێراقیش بوو. لە بەرامبەردا دەکرێ مرۆڤ بە ئاسانی ئەو هەموو کاردانەوانە، لە ئاستی، دەوڵەتان تاک بە تاک، یەکێتی ئەوروپا، نەتەوە یەکگرتووەکان، رەنگادانەوەکانی ناو ئیدارە و فەرمارەوایی ئەمریکا. . . و هتد، ببینێ و هەڵسەنگاندنی شایستەشی بۆ بکات!

## دەرەنجام:

دوور لە سۆز و هەست و نەست، کورد و جیهان شاهێدی وەرچەرخانێکی مێژوویی و گەورەن لە دیرۆکی بزاڤی نیشتمانی کوردستاندا، بەڵام وەک موفارەقە (پەرادۆکسێکی مێژوویی) ئەم جارەیان لەسەر دەستی، یا تۆ بڵێ بە هۆی، رووداوەکانی بەشێکی هەرە بچووکی کوردستان، تەنانەت ئەو بەشەی کە لە پێشوتردا کورد خۆشی زۆر باسی نەئەکرد، بۆ هەندێکیشمان بەشێکی لەبیرکراو بوو!